# لەژێر ڕۆشنایی قورئاندا

# ( وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللّهِ أَكْبَرُ )

✍ م. عبدالغفورعبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

زۆرێـك لـە ئێمـە بـەزمانی حـاڵ داوای ڕەزامەندی خوای گـەورە دەكـەین، بـەڵام گـرنگتر ئەوەیـە كـە پرسـیار لـە خۆمـان بكـەین: ئایـا هەسـتاوین بـە ئەنجامـدانی ئەوشـتانەی كـە دەبنـە هـۆی ڕەزامەنـدی خوای پەروەردگار لە بیروباوەڕ و كـردار و گوفتاردا؟ وە ئایـا ڕازیـن بەوشـتانەی كـە خوا پێی لێمان ڕازی دەبێت؟ ئێستا و لە دونیادا دەتوانین فێڵ لە خۆمـان بكـەین و ڕاكەین لە وەڵام، بـەڵام لـەو ڕۆژەدا چـۆن ڕادەكەین كە یەكێك لە ئێمـە پرسـیاری لێ دەكرێـت لـە نـاو گۆڕەكەیـدا دەربـارەی پەروەردگاری و دینەكـەی و ئـەو پیـاوەی كە نێردراوە واتە پێغەمبەر (ﷺ) .

جـا هــەر كەسـێك لــە ژیانیــدا بــە پــەروەردگارێتی خــوا و دینــی ئیــسلام و پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) ڕازی بووبێت، ئــەوا دەتوانێــت وەڵام بداتــەوە ئەگــەر نەخوێنــدەوارێكی عــەوامیش بێــت، وە بەپێـچەوانەوە هـەر كەسـێك بەوانـە ڕازی نەبووبێت لە دونیادا ئـەوا ناتوانێت وەڵام بداتــەوە ئەگــەر زانایــەكی لێهــاتوو بلیمـەتیش بووبێـت، بۆیـە هـەر كەسـێك ڕازی بووبێت بەمە و لە سەری بەردەوام و دامەزرا و جێگیر لـە دونیـادا، ئـەوا خـوای گــەورە لــە دواڕۆژدا جــێگیر دامــەزراوی دەكات، وە بـە پێـچەوانەوە هـەر كەسـێك ســتەمی لــە نەفــسی خــۆی كردبێــت و گومڕای كردبێت لـە دونیـادا، ئـەوا خـوای

گەورە لە دوارۆژدا گومڕای دەکات لە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الآخرة ويضل الله الظالمين ويفعل الله ما يشاء ﴾[إبراهيم: ٢٧].

واتە: خوای گەورە باوەڕداران جێگیر دەکات لە سەر گوفتاری بەجێ لەژیانی دونیا و سەرەمەرگ و قیامەتیشدا، وە ستەم کاران گومڕا دەکات، وە ئەوەی خوا دەیەوێت هەر ئەوە دێتە پێش و دەکرێت .

شێخ (ناصر السعدي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەفەرموێت: (خوای گەورە بەندە ئیماندارەکانی جێگیر دەکات، ئەوانەی کە هەستاون بەئەنجام دانی ئەوەی کەلەسەریان واجب کراوە بە بیروباوەڕێکی تەواو و بەئەندامەکانیش ئەنجامی دەدەن و زیاتر بەهێزی دەکەن).

وە (ابن القيم) فەرموویەتی: (پێویستە بە عەقیدە و گوفتار و کردار ئەو ڕازی بوونە دەربېڕدرێت، کە ڕازی بوون بەخوا: ڕازی بوونە بەپەرستراوێتی خوای گەورە، وە خۆشەویستی تەنها بۆ ئەو و ترس و گەڕانەوە هەر بۆلای ئەوە، کە ئەمەش هەموو عیبادەتێك دەگرێتەوە بۆ خوای گەورە، وە ڕازی بوون بە پێغەمبەرایەتی (محمد)یش (ﷺ) بریتییە لە شوێن کەوتن و تەسلیم بوون بۆی بەو شێوەیەی کە داوامان لێ کراوە، وە ڕازی بوون بە دینەکەی: ڕازی بوونە بەهەر ئەمر و نەهی و حوکمێك بەوپەڕی ڕازی بوون و بێ هیچ قورسیەك لە دڵدا ئەگەر هاتوو دژی هەواو ئارەزووەکانیشمان بێت)[1] .

وە هەر کەسێك بەو شێوەیە بێت ئەوە تامی ئیمانی چەشتووە، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((ذاق طعم الإيمان من رضي بالله رباً، وبالإسلام ديناً، ومحمد رسولاً))[2].

واتە: تامی ئیمانی چەشتووە هەر کەسێك بە پەروەردگارێتی خوا و دینی ئیسلام و پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ) ڕازی بێت .

وە لەبەر پێویستی نەفسی ئینسان بۆ نوێکردنەوەی ئەو پەیمانە، پێغەمبەر

(١) مدارج السالكين لابن القيم: (٢ / ١٦٢) .
(٢) صحيح مسلم رقم: (٥٦) .

(ﷺ)فێرمان دەکات کە لە کاتی بانگداندا وەلاَمی بانگدەر بۆ نوێژ بدەینەوە، کە گەورەترین کردەوەیە و خوای پەروەردگار پێی ڕازیە، وەك دەفەرموێت: (من قال حين يسمع المؤذن: رضيت بـالله رباً، وبالإسلام ديناً، وبمحمد (ﷺ) رسولاً، غفر الله له ذنوبه)(٣).

واتە: هەر کەسێك لە کاتێکدا گوێی لە بانگدەرە دەبێت بڵێت: ڕازیم بە پەروەردگارێتی خوا و دینی ئیسلام و پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ)، ئەوا خوای گەورە لەگوناهەکانی دەبووڕێت .

وە ئەم ڕازی بوونەش تەوا و نابێت بەڕازی بوون بەقەزاو حوکمی خوانەبێت، کە ئەمەش واجبە و مەرجە بۆ تەواوێتی ئیمان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلاَ وربك لاَ يؤمنونَ حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثُم لاَ يجِدواْ في أَنفُسِهم حرجاً مما قَضيت ويسلمواْ تسليماً﴾ [النساء: ٦٥] .

واتە: سوێند بە پەروەردگارت بڕوا ناهێنن هەتا لەهەموو کێشەیەکدا کە لە نێوانیاندا ڕوودەدات تۆ نەکەن بەدادوەر و گوێ ڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت هیچ ناڕەزایی یەك لە دڵیاندا دروست بێت بەرامبەر ئەوەی دادوەریت لە سەرکردووە و دەبێت بە تەواوەتی تەسلیم بن و ڕازی بن .

(ابـن القـيم) دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: (ڕازی بوون بەقەزای دینی و شەرعی واجبە و بنچینە و بنەمای ئیسلام و ئیمانە، وە ئەم ڕازی بوونەش نابێت هیچ گرانی و بەرهەڵستی کردنێکی تێدا بێت، چونکە خوای گەورە سوێندی خواردووە کە ئەوانە ئیمانیان نیە تا پێغەمبەر (ﷺ)نەکەن بەدادوەر، وە لابردنی هەموو گرانی و بەرهەڵستی‌یەك لە دڵیاندا و تەسلیم بوون بەحوکمەکەی بەتەواوەتی، وە حوکمەکە لە جێگەی ئیسلامە و لابردنی گرانی و بەرهەڵستیەکە لە جێگەی ئیمانە و تەسلیم بونەکە لەجێگەی ئیحسانە)(٤).

وە ڕازی بوون تەنها بەزمان نابێت، بەڵکو پێویستی بە کردەوە هەیە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

(٣) صحيح الترغيب والترهيب رقم: (٢٥٤) .

(٤) مدارج السالكين: (٢ / ١٩٢) .

((اللهم إنا نسألك في سفرنا هـذا الـبر والتقوى ومن العمل ما ترضى))(5).

واتــه: خوايــه ئێمــه لــهم گهشــتهماندا داوای چاكهكاری و خۆپارێزی لـه تـاوان و كردهوهیهكت لێدهكهین كهپێی ڕازی بیت .

وه موسى (عليـه السلام) دهيفـهرموو: ﴿وعجِلْت إِلَيك رب لترضى﴾ [طه: ٨٤] .

واتـه: به پهله هاتم تاوهكو تۆ لێم ڕازی بیت ئهی پهروهردگارم .

وه سولهێمان (عليـه السلام) سـوپاس گـــوزاری تــــهواوی نــــهدهبینی تــــهنها بهكردهوهیهك نهبێت كهخوا پێی ڕازییه، وهك خوای گهوره دهفهرموێت:

﴿ رب أَوزِعنِي أَنْ أَشكُر نِعمتك التـي أَنعمت علَي وعلَى والدي وأَنْ أَعملَ صالحاً ترضاه وأَدخلْنِي بِرحمتـك فـي عبـادك الصالحين ﴾ [النمل: ١٩] .

واتــه: ( پــهروهردگارم یارمــهتیم بـدهو دڵ ودهرون وڕوح وگیـــانم كۆبكـــهرهوه، تاسـوپاس گـوزاری نـازو نیعمهتـهكانت بم كهبهسهر مـن ودايـك وباوكمـدا ڕشـتووته، ههروهها هاوكاریم بكـه تاكـارو كـردهوهی چاكه ئهنجام بدهم كهتۆ پێی ڕازی بیت و بهڕهحمـهت و میهرهبـانی خـۆت بمخهیتـه ڕیــزی بهنــده چــاكهكانتهوه)، وه ئهمــه ســـیفهتی هــــهموو پێغهمبهرانــــه وهك دهفهرموێت: ﴿ إِنهم كَانوا يسارِعونَ فـي الْخيرات ويدعوننا رغَباً ورهباً وكَانوا لَنـا خاشعين ﴾ [الأنبياء: ٩٠] .

واته: زهكهریا ويحيى (عليهما الـصلاة والـسلام) پهلـهو دهسـت پێـشخهرییان دهكرد له خواپهرستی وكردهوهی چـاكدا، وهئێمـــهیان دهپهرســـت بـــه تـــرس وئومێـــدهوه، وهملكهچـــی فهرمانـــهكانی ئێمه بـوون. وه خـوای گـهوره دهربـارهی ســـیفهتی پێغهمبـــهری پێـــشهوا (ﷺ) وهاوهڵانی (ﷺ) دهفهرموێت:

﴿ محمد رسولُ الله والذين معه أَشـداء علَى الْكُفارِ رحماء بينهم تراهم ركعاً سجداً يبتغونَ فَضلاً من الله ورِضواناً سيماهم فـي وجوههم من أَثَرِ السجود ذَلك مثَلُهم فـي التوراة ومثَلُهم في الْإِنجِيلِ كَـزرعٍ أَخـرج شطْأَه فَآزره فَاستغلَظَ فَاستوى علَى سـوقه يعجِب الزراع ليغيظَ بِهِم الْكُفار وعد اللـه الذين آمنوا وعملُوا الصالحات منهم مغفرةً وأَجراً عظيماً﴾ [الفتح: ٢٩] .

(٥) صحيح سنن أبـي داود رقم: (٢٥٩٩) .

واتــە: (محمـد (ﷺ) نێـردراوی خوایـە، ئەوانەی کەلەگەڵیدان و شـوێنی کـەوتون، تونــدو تیــژن بەرامبــەر بــێ بــاوەڕان و بەبـەزەیی ومیهرەبـانن لـەنێوان خۆیانـدا، دەیـــان بینیـــت ســـەرگەرمی نوێـــژو خواپەرستین، کڕنوش و سوجدە دەبـەن، هـــەردەم ئاواتیـــان بەدەســـت هێنـــانی ڕەزامەنــدی خوایــەو نیــشانەی چــاکی وپاکیـــــان لەناوچـــــەوانیاندا دیـــــارەو دەدرەوشێتەوە لەئەنجامی سوجدە بـردن و خواپەرســـتیاندا، جائــەوە نمونەیانــە لەتــەورات وئینجیلـدا، وەك ڕوەكێـك وایـە کەلەســـــەرەتاوە چـــــەکەرە بکـــــات جاچـەکەرەکەی بـەهێز کردبێـت، پاشـان ئەســتور ببێــت و ڕابوەســتێت لەســەر قەدەکـــەی، ئەوەنـــدە زوو پـــێ بگـــات کـشتیارەکان سەرسـام بکـات و پێیـان سەیر بێت: چۆن واپێگـەیی؟! چـۆن ئـاوا خۆی گرت؟! ئەمە بۆئەوەیە خوا کـافران داخ لەدڵ بکات، جـاخوای گـەورە بـەڵێنی بەوانە داوە کەباوەڕیان هێنـاوەو کـردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە: کەلێخۆشبون و پاداشــتی گــەورەو بــێ ســنوریان پــێ ببەخشێت )، ابـن کـثیر لەتەفـسیری ئـەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ( خوای پەروەردگار وەسـفی کـردون بـەزۆری کـارو کـردەوەو نوێـــژ کەباشـــترین کردەوەیـــەو زۆری ئیخلاص تێیـداو بەئومێدی پاداشـتی زۆر لای پـــەروەردگار، کەبەهەشـــتی فـــراوان وڕازی بـــوونی خـــوای پـــەروەردگارە لەسـەریان )، ئەمـەبوو ژیـان وعیبـادەتی هاوەڵان (رضي الله عنهم) کەلەسەر ڕێبازو مەنهـەجی پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشتون .

وە پێغەمبـــــەر (ﷺ)ئامۆژگـــــاری ئوممەتەکەی دەکات بەوەی هـەوڵ بـدەن بۆ ڕازی کردنی پەروەردگاریان لـە هـەموو بوارێکدا، بۆ نمونە:

- لـە بـواری عەقیـدەدا: پێغەمبــەر (ﷺ) ڕازی بـوونی خـوای پـەروەردگاری ڕوون کردۆتـــەوە لـــە ئیمـــانی عەبـــد و بیروباوەڕیدا و دەفەرموێت: ((إن الله يرضى لكم ثلاثاً ويكره لكم ثلاثاً: فيرضى لكم أن تعبدوه ولا تشركوا به شيئاً، وأن تعتـصموا بحبل الله ولا تفرقوا، ويكره ثلاثاً: قيل وقال، وكثرة السؤال، وإضاعة المال))[٦].

واتە: خوای گەورە ڕازییە لێتان لەسێ شت، وە لەسێ شـتیش لێتـان ناڕازییـە:

(٦) صحيح الـجامع الصغير رقم: (١٨٩٥) .

ڕازیـیە لێتـان کەبەتـەنها بیپەرسـتن و هاوەڵی بۆبڕیار نەدەن، وە دەست بگرن بـەدینی خـوای پـەروەردگارەوەو پارچەپارچـە نـەبن، وەناڕازیـیە لەسـێ شـت: لـە وتـراوە و دەڵـێن (واتـە بڵێـی: فـلان وادەڵـێ و فـلان وای ووت)، وە زۆر پرسیار کردن و بەزایەدانی ماڵ وسامان).

### لـــەبواری عیبـــادەتی دڵ ودەروندا:

پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونـی کردۆتـەوە کـە خـوای گـەورە ڕازیـیە لـەو بەندەیـەی کەهەست بەبەخششی خوای پـەروەردگار دەکـات و سوپاسـی دەکـات، وەئەگـەر توشـی ناڕەحـەتی هـات ئـارامی لەسـەر دەگرێـت، وەك دەفـەرموێت: ((إن الله ليرضى عن العبد أن يأكل الأكلة فيحمده عليها أو يشرب الشربة فيحمده عليها))(٧).

واتـە: خـوای گـەورە ڕازیـیە لـەو بەندەیـەی کـە خواردنێـك دەخـوات یـان خواردنەوەیـەك دەخواتـەوە سوپاسـی خوای لەسەر دەکات .

وە پێغەمبـەر (ﷺ) کاتێـك (إبراهيم)ی کوڕی مرد فـەرمووی: ((تدمع العين، ويحزن القلب، ولا نقول إلاّ ما يرضى ربنا، إنا لك يا إبراهيم لـمحزونون))(٨).

واتە: چاو فرمێسك دەڕێژێ و دڵ تەنگ دەبێت، وە هیچ شتێك ناڵێین تەنها ئەوە نەبێت کەخوا پێی ڕازییە، وە ئێمە بۆ تۆ ئەی ئیبراهیم دڵتەنگین .

### لەبواری هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ خەڵکیدا:

پێغەمبـەر (ﷺ)بایـەخی زۆری بـە چـۆنێتی هـەڵس و کـەوت کـردن داوە لـە نێوان ئیمانداراندا، وەك دەفەرموێت:

((إن العبد ليتكلم بكلمة من رضوان الله لا يلقي لها بالاً، يرفعه الله ا درجات))(٩).

واتـە: بەڕاسـتی بەنـدەی واهەیـە ووشـەیەك دەڵێـت لـە پێنـاو ڕەزامەنـدی خـوای گـەورەدا، وە هـیچ گرنگیـشی پـێ نادات، خوای گەورە چەند پلەیەك بـەرزی دەکاتەوە بەو ووشەیە .

### بەخشندەیی خوای گەورە لەڕازی بوونی لە ئیمانداران:

خـوای پـەروەردگار لـەو پـەڕی بەخـشندەیی و میهرەبـانی دایـە لـە بەرامبـەر ئیماندارانـدا، وە لـە گـەورەترین

(٧) صحيح مسلم رقم: (٢٧٣٤) .

(٨) صحيح مسلم رقم: (٢٣١٥) .

(٩) صحيح مسلم رقم: (٢٩٨٨) .

بەخششەکانی خوای گەورە ڕازی بوونێتی لێیان، وە ئەم ڕازی بوونەش لە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزاددا ڕەنگی داوەتەوە، وەك:

📖 لە ژیانیاندا، وەك دەفەرموێت:
﴿رضي الله عنهم ورضوا عنـه أُولَئـك حزب الله أَلَا إن حزب الله هم الْمفْلحونَ﴾ [الـمجادلة: ٢٢] .

واتە: ئەوانە خوا لێیان ڕازییە و ئەوانیش لەخوا ڕازین ئا ئەوانە کۆمەڵ و لایەنی خوای گەورەن، ئاگادار بن کە بەڕاستی هەر کۆمەڵ و لایەنی خوا سەرفرازن .

📖 وە لەکاتی مردندا، وەك دەفەرموێت: ﴿ يا أَيتها النفْس الْمطْمئنـةُ ارجِعي إِلَى ربك راضيةً مرضيةً فَادخلي في عبادي وادخلي جنتي ﴾ [الفاشية: ٢٧ ـ ٣٠] .

واتە: ئەی خاوەنی دڵ و دەروونی پڕ لەئارامی، بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت کە تۆ لەو ڕازی و ئەویش لەتۆ ڕازییە، دە بچۆرە ڕیزی بەندە چاکە بەڕێزەکانەوە، بچۆرە بەهەشتە ڕازاوەکەمەوە) .

📖 لەڕۆژی زیندوو بونەوەدا، وەك دەفەرموێت: ﴿ وجوه يومئذ ناعمةٌ لسعيها راضيةٌ في جنة عالية﴾ [الغاشية: ٨ ـ ١٠] .

واتە: ڕوخسارانێکی ناسك و گەشاوەو ڕوناکن، لەهەوڵ و کۆششەکانیان ڕازی و ئاسودەن، لەبەهەشتێکی بەرزو بڵندا ژیان دەبەنە سەر .

📖 وە لەکاتی لێپرسینەوەو حیسابدا، وەك دەفەرموێت:
﴿فَأَما من ثَقُلَت موازِينه فَهو في عيـشة راضية﴾. [القراعة: ٦ ـ ٧] .

واتە: ئەوەی تەرازوی خێری سەنگین بێت، ئەوە لەبارودۆخێکی خۆش و ئاسودەدا ژیان دەباتە سەرو زۆر پێی ڕازی یە .

ئەمانە چەند نمونەیەکی گشتی بوون بۆهەموو ئیمانداران، لەهەمان کاتدا خوای گەورە هەندێ مژدەی تایبەت دەدات بەکۆمەڵێك ئیمانداری تایبەت کەلەقورئاندا باسکراون، وەك نیشانەیەك بۆڕازی بوونی خوای پەروەردگار لێیان، لەسەرووهەموویانەوە هاوەڵان ﷿ کەخوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت:

﴿والسابِقُونَ الأولُونَ مـن الْمهـاجِرين والأنصارِ والذين اتبعوهم بِإحسان رضي اللّه عنهم ورضواْ عنه وأعد لَهم جنات تجـري تحتها الأنهار خالدين فيها أبداً ذَلك الْفَـوز الْعظيم ﴾ [التوبة: ١٠٠].

واتــــه: خـــواى گـــەورە لەوانـــەى كەپێـــشكەوتن و يەكـــەم كـــەس بـــوون لەئيـــسلام و خزمـــەت كردنـــى ئيـــسلامدا، لەكۆچـــكەران وپـــشتيوانان و ئەوانـــەى لەسەر چاكە شوێنيان كەوتون لێيان ڕازى بووەو ئەوانيش لەو ڕازى بوون، باخەكانى بەهەشـتى بۆئامـادەكردوون كەچـەندەها ڕووبـار بەبـەردەم كۆشـكەكانى و بـەژێر درەختەكانيـــدا دەڕوات، وەبەنـــەمرىو بۆهەميشەيى تێيدا دەمێننەوە، بەڕاسـتى ئەوەش سەركەوتنێكى زۆر گەورىـە )، وە دەفـەرموێت: [ لَقَد رضي الله عنِ الْمؤمنِين إِذْ يبايِعونك تحت الشجرة فَعلم مـا فـي قُلُوبِهم فَأَنزلَ السكينةَ علَيهم وأَثَابهم فَتحـاً قَرِيباً ] [الفتح: ١٨].

واتـە: بەڕاسـتى خـوا ڕازى بـووە لـەو باوەڕدارانــەى كاتێـك پــەيمانيان لەگەڵــدا بەستيت لەژێر درەختەكەدا خـوا خۆيـشى ئاگـادار بـوو بـەوەى لەدڵەكانيانـدا هەيـە هەربۆيـە ئـارامى و هێمنـى و ئاسـودەيى دابەزانـــدە ســـەريان وپاداشـــتى دانـــەوە بەسەركەوتنێكى نزيك .

وە گومـانى تێـدا نىيـە كـەدوا هيـواو ئومێـدى ئيمانــداران ئەوەيــە كــەخواى گــەورە ڕزگاريــان بكــات لەســزاى دۆزەخ بــەلێ خــۆش بــوون و لــێ ڕازى بونيــان، ئەمــــەش هــــمووى لەبەخــــشندەيى و ميهرەبــانى خـــواى پـــەروردگارە، وەك دەفـەرموێت: ﴿ وفي الْآخرة عذَاب شديد ومغفرةٌ من الله ورِضوانٌ ﴾ [الـحديد: ٢٠].

واتە: بێگومان لـەدوا ڕۆژدا سـزاى زۆر ســەخت بۆدنيــا پەرســتان ئامــادەكراوە، لەلايەكى ترەوە لێخۆشبوون و ڕەزامەندى خواى گەورە بۆئيمانداران هەيە .

بەلاّم ئايا ڕازى بوونى خواى پەروردگار گەورەترە، يان بەهەشـت؟ خـواى گـەورە دەفەرموێت:

﴿ وعد اللّه الْمؤمنِين والْمؤمنات جنات تجرِي من تحتها الأنهـار خالـدين فيهـا ومساكن طَيبةً في جنات عدن ورِضوانٌ من اللّه أَكْبر ذَلك هو الْفَوز الْعظيم﴾ [التوبة: ٧٢].

واتـە: خـواى گـەورە بـەڵێنى داوە بـە ئيمانداران لە پياوان و ئافرەتـان، بـەوەى

کەباخەکانی بەهەشتیان پێ دەبەخشێت کە چەندەها ڕووباربەژێر درەختەکانیدا دەڕوات لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی، هەروەها چەندەها جێگەو کۆشك وتەلاری خۆش وڕازاوەی تایبەتی لەبەهەشتدا لەناو باخی چڕو پڕدا لەگەڵ ڕەزامەندی خوای گەورەدا کەلەهەمووناز و نیعمەتەکان بەنرخترو گەورەترە، ئەوە خۆی سەرفرازییەکی زۆر گەورەو بێ ئەندازەیە .

(ابن الكثیر) دەفەرموێت: (ڕازی بوونی خوای گەورە لەئیمانداران گەورەترو لەپێشترە بۆیان لەوشتانەی کەلەبەهەشتدان) .

وە پێغەمبەریش (ﷺ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت: ((إن الله تبارك وتعالى يقول لأهل الجنة: يا أهل الجنة! فيقولون: لبيك ربنا وسعديك، فيقول: هل رضيتم؟ فيقولون: ومالنا لا نرضى وقد أعطيتنا مالم تعط أحداً من خلقك، فيقول: أنا أعطيكم أفضل من ذلك، قالوا: يا رب! وأي شيء أفضل من ذلك؟ فيقول: أحل عليكم رضواني فلا أسخط عليكم بعده أبداً))(١٠).

واتە: خوای گەورە بەئەهلی بەهەشت دەفەرمێت: ئەی ئەهلی بەهەشت! ئەوانیش دەڵێن: ئەی پەروەردگار وەلامان دایەوەو ئامادەین بۆفەرمانەکانت، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت: ئایا ڕازین؟ ئەوانیش دەڵێن: چۆن ڕازی نین، شتێکت پێ بەخشیوین کەبەهیچ لەدروستکراوەکانت نەبەخشیوە، خوای گەورە دەفەرموێت: پێتان دەبەخشم باشترو گەورەتر لەوەش، دەڵێن: پەروەردگارا! ئایا چ شتێك هەیە لەوە گەورەتر؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ڕازی بوونی منتان لەسەرەو دوای ئەوە هەرگیز لێتان تووڕە نابم .

خوایە گیان ڕازی بوونی خۆتمان پێ ببەخشەو بمان پارێزە لەخەشم و قین و تووڕە بوونت ... آمین .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

(١٠) صحيح مسلم رقم: (٢٨٢٩) .